# فرمێسکە تاریکەکان..

ئەی کچەسیماتاریکەپڕبەزەییەکە
نازانم..!
بەم درەنگانی شەوە
چ هەوڵێکی گوێزانئاسا
توانی یاقوتانت پێ ببارێنێ..!؟
ئاخر.. تۆی گوناە
نازانی بەم نیگاخەمۆکیانەت
چ ئازارێکت خزاندەنێومولولەی
دەمارەپڕلەخۆزگەنەهاتووەدیەکانم..
ئاخۆدەبێ دەبێ چ دڵنوحاسێ بێ
توانیبێتی تۆی پێناسەی هەموو بەرائەت
بەم جلە شڕانەخەفەت بارکات و
منی دارڕزاویش شەونخون
بۆئازاروئەسەف وهەنسکەکانت..
خۆزگەبەمەدای ژانەکانتم دەزانی..!
ئاخر.. تۆنازانی ئەم هەموو وێرانیەت
لای منی ژانبار
چەندبەکوڵ وزریکەدارە
ئاخۆدەبێ ئێستا
گینگڵیسەرپێخەفی غوربەتت
چ گازگرتنێك بێت لەڕۆحی پڕلەبیرەوەریەکانت..!؟
ئەی فەزای ئاخێکی کپی جەرگبڕ..
بەڵامنەمزانی..!
فرمێسکەکانت ئەشکی دابڕان و
دڵخوازەکەت بوو..!؟
یازامی هەواڵی کۆچی شیرینێکت..!؟
گرنگ.. گریانی ڕەشت
ژانی لەدایك بوونی خەمێکی ترم بوو..

ڕزگارکۆیی 2000
گۆڤاری(ئاڵا) هۆڵەند
بۆکچێکی(زنجی) پڕگوناە دیاریە